شتێك

دەربارەی تەلەپاسی

KARWAN No. 45 JUNE 1986

ئارام قەرەداغی

میخائیل لۆمۆنۆسۆف جارێکیان کە لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە لە خەویدا دەبینێ بەلەمەکەی باوکی لە ئۆقیانووسی بەستەڵەکدا تێك دەشکێ‌و لە دوورگەیەکی چۆڵدا دەگیرسێتەوە . لۆمۆنۆسۆف کاتی خۆی بە منالّی لەگەڵ باوکیدا جارێك چووبوە ئەم دوورگەیە . هەر کە دەگاتە ماڵەوە دەبیستێ باوکی لەگەڵ چەند ڕاوچی‌یەکی تردا چوون بۆ ڕاوە ماسی‌و هێشتا نەگەڕاونەتەوە . لۆمۆنۆسۆف نیگەران دەبێ‌و بە دوورو درێژی وەسفی دوورگەکە بۆ براکەی دەکاو دەنێرێ بە دوای سوراخی باوکیدا لە ڕاستیدا ڕاوچی‌یەکان لە هەمان ئەو دوورگەیە تەرمەکەی باوکی لۆمۆنوسۆف دەدۆزنەوە .

ڕەنگە لەناو ئێمەو کەسوکاری ئێمەشدا هەبێ خەونی لەو جۆرەی لۆمۆنۆسۆڤی دیبێ کە تیایدا خەون بین ئاگاداری‌یەك پەیدا دەکات لە بارەی حاڵەت‌و ژیانی کەسێکەوە . یاخود ئەشێ مرۆڤ بە هۆشیاری بتوانێ زانیاری لەبارەی کەسێکی دوورەوە بە دەست بهێنێ بێ بەکارهێنانی ئەندامەکانی هەست بو نموونە ئەگەر دایکێك لە پرێکدا هەست بکات منالّەکەی لە تەنگوچەڵەمەدایە بە مەرجێك هیچ پەیوەندی‌کردنێکی زانراو نەبێ لە نێوانیانداو ئەگەر ڕاست دەرچێ ، منالّەکە لە هەمان کاتی هەست پێ‌کردنی دایکەکەدا لە تەنگوچەڵەمەدا بووە ئەوا ئەم دیاردەیە پێ‌ی دەوترێ تەلەپاسی‌و زانیاری‌یەکە واتە هەست کردن بە تەنگوچەڵەمەی منالّەکە پێ‌ی دەوترێ بروسکەی تەلەپاسی .

تەلەپاسی (واتە ئاگا لێ‌بوون لە دوورەوە) کاتێك دەڵێین ڕووی داوە ئەگەر کەسێك دۆخێکی دەروونی‌و ئەقڵی وای هەبێ کە بە تەواوی یا تا ڕادەیەك لە دۆخی دەروونی‌و ئەقڵی‌ی ڕابوردوو ، ئێستا یان داهاتووی کەسێکی تر بچێ ، چ زیندوو چ مردوو ، بە مەرجێ هیچ پەیوەندی کردنێکی ئاسایی لە ڕێگەی ئەندامەکانی هەستەوە لە نێوان ئەو دوو کەسەدا نەبێ‌و مەسەلەکە لە بواری ڕێکەوتیشدا نەبێ .

هەزارەها تۆماری پەیوەندی بەستنی تەلەپاسی هەیە لە نێوان ئەو کەسانەدا کە پەیوەندی‌یەکی عاتیفی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە

وەك ژن‌و مێرد ، باوان‌و منالْ خوشك‌و برا و تیایدا یەكێ لەمانە هەست بە تەنگوچەڵەمەی ئەوی تر دەكا دەڵێن گوایە چاكترین پەیوەندی تەلەپاسی لە نێوان منالی دوانەی هاویەكدا ڕوو دەدات كە دەردەداری هەمان نەخۆشین‌و ژانیان چوونیەكە . بە هەر حالْ لە لێكوڵینەوەی زانستیدا ناتوانین پشت بەم چیرۆكانەی ڕابوردوو ببەستین .

یەكێك لە دڕوارترینی ئەو تاقیكردنەوانەی بۆ هەڵسەنگاندنی توانای مرۆڤ كراون لە بواری هەڵهێنانی زانیاری شاراوەدا ئەوەبوو كە لە سەرەتای سی یەكانی ئەم سەدەیەدا لەلایەن ڕاین‌و هاوڕێكانی‌یەوە لە زانكۆی دووك كرا .

ڕاین دەستەیەك وەرەقەی زێنەری بەكار هێنا كە پێك هاتووە لە بیست‌و پێنج وەرەقەو هەر پێنجیان جۆرە وێنەیەكی لەسەر كێشراوە كە ئەمانەن : چوار گۆشە ، بازنە ، خاچ ، ئەستێرە وە هێڵی شەپۆلی . واتە ڕێژەی هەڵهێنان پێنج وەرەقەیە لە هەموو وەرەقەكان . بەلاَم ڕاین لە ژمارەیەك ئەزموونەدا بۆی دەركەوت كەسانی واهەن ئەنجامی چاكتر بەدەست دێنن كچە قوتابی‌یەكی نۆ سالانی خێزانێكی بەخت نەیار كە لە قوتابخانە تاقیكرایەوە بیست‌و سێ دانەی لە بیست‌و پێنجەكە هەڵهێناو كە

لە تاقیگەی دووك لەلایەن زانایەکی ناسیاویەوە تاقیکرایەوە هەر هەمووی هەڵهێنا هۆبێرت پێرێسیش جارێکیان کە ڕاین داوای لیٚکرد ئەنجامی باش بەدەست بێنیٚ هەموو وەرەقەکانی بەراستی هەهێنا . ئەم دوو ئەنجامە دەگمەن بوون بەڵام ملیۆنەها تاقیکردنەوە بەڵگەیەکی ئاماریمان دەدەن بەدەستەوە لە بارەی توانای تەلەپاسی مرۆڤەوە . لە ڕاستیدا هەندیٚ لە زانایان لەو باوەڕەدان ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە توانای تەلەپاسی سەرکوت دەکەن چونکە وەرگرتنی پەیامی تەلەپاسی پێویستی بە خاوبوونەوەو هێمنیو خۆبەسەرێتی هەیە نەك داواکردنی یەك لەسەر یەك . گاتیەر برات دەڵیٚ «ئەم هەڵهێنانی وەرقەیە ئوسلووبێکی بیٚ کەڵکەو چالاکی تەلەپاسی سەرکوت دەکات» . لۆتسیا پاڤلۆڤای سۆڤێتیش دەڵیٚ ئەم تاقیکردنەوانەی ڕاین کە تیایدا دەبیٚ لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر زانیاری هەڵبهێنرێت گرانترین ڕێگەیە بۆ بەدەست هێنانی تەلەپاسی چونکە ئەگەر خێرا خێرا داوای زانیاری بکەین ئەو گۆڕانانەی لە مێشکدا ڕوو دەدەنو پەیوەندییان بە تەلەپاسییەوە هەیە تەڵخ دەبنو سەرەنجام نامێنن .

چارەسازی دەروونی ڕووسی کۆنسانتین پلاتۆنۆڤ توانیویەتی بە بیٚ قسەو تەعبیر هەر بە ئەقڵیٚ خەو لە خەڵك بخات . لیۆنید ڤاسیلییێڤ لە سییەکاندا سەلماندی دەتوانیٚ خەو لە خەڵك بخاتو خەبەریشیان بکاتەوە بیٚقسەو ئەگەریش پەردەیەکی وا لە نێوان خەوێنەرو خەو لیٚخراویشدابیٚ کە ڕیٚ بە تیپەڕبوونی شەپۆلی ڕادیۆیی نەدات .

ئەکادیمی ڤلادیمیر بەختەریڤو پیۆتر لازارێڤ لەو باوەڕەدان لە بارو دۆخی تایبەتیدا کە هێشتا زانست پەیی پیٚ نەبردووە هێزی کارەبایی مێشکی کەسێك دەتوانیٚ لە دووری یەکەوە کار لە مێشکی کەسێکی تر بکاتو ئەگەر ئەم مێشکە ئامادەو لەبار بیٚ لەرینەوەیەکی بایۆکارەبایی تێدا دروست دەبیٚو بیرو خەیاڵی وەك مێشکی کەسی یەکەمی تێدا دەخولقیٚ .

لەم دواییەدا لە پەیامگای فسیۆلۆژیای لینینگراد تاقیگەیەکی تایبەتی لە ژێر چاودێری ڤاسیلییێڤدا کرایەوە بۆ لێکۆڵینەوەی تەلەپاسی . لە نۆزدەی نیسانی ساڵی ١٩٦٦دا کارل نیکولایێڤ کە ئەکتەرە لە نۆڤۆسیبرسك توانی بە تەلەپاسی پەیوەندی بکات لەگەڵ یوری کامینسکی هاوڕێیدا کە زانایەکی فیزیای ژیانە لە مۆسکۆ واتە ١٨٦٠ میل لە یەکەوە دووربوون . هەردووکیان لەژێر سەرپەرشتی زانایاندا بوونو لە تاقیکردنەوەیەکدا زاناکان پاکەتێکی پێچاوەیان خۆبەسەری دایە دەست کامینسکی ، ئەمیش دەیکاتەوەو دەستی پێدا دێنیٚو لیٚی ورد دەبێتەوە وەك بیەوی لە چاوی هاوڕێکەیدا ببینیٚ . پاکەتەکە سپرنگێکی کانزای تێدا بوو کە لە حەوت پێچ پێکهاتبوو . لە هەمان کاتدا نیکۆلایێڤ لە نۆڤۆسیبرسك ئەم ئینتیباعەی لە بارەی پاکەتەوە نووسی «خڕە ، کانزایە ، بریقەی دیٚ ، چەماوەیە ، لە کۆیل دەچیٚ» . پاش دە دەقیقە کاتیٚ لە دەرنەفیزێکی دەسك پلاستیکی ڕەش ورد دەبۆوە نیکۆلایێڤ وتی «درێژ و باریکە ، کانزایە ، پلاستیکە ، پلاستیکێکی ڕەشە .» لێکدانەوەی ئەم دوو نموونەیە بە ڕێکەوت شتێکی ناماقوولەو ناچارین بڵێین جۆرە پەیوەندی کردنێکی نائاسایی لە نێوان مێشکی نیکۆلایێڤو کامینسکیدا ڕووی داوەو وای کردووە گۆڕانێکی لەو جۆرەی لە مێشکی کامینسکیدا ڕووی داوە لە کاتی وەرگرتنی پاکەتو دەرنەفیزەکەدا . لە مێشکی نیکولایێڤدا ڕوو بداو بەشێك لەو ئینتیباعە دەرببڕێت کە کامینسکی هەستی پیٚ کردووە .

دوای ئەمە تەلەپاسی لە یەکێتی سۆڤێت بایەخێکی زۆری پیٚ دراو کۆمەڵێك زانا کۆبوونەوە لە ژێر ناوی بەشی بایۆزانیاری کۆمەڵەی زانستو تەکنیکی هەموو سۆڤێتی أ . س . پۆپۆڤ بۆ تەکنۆلۆژیای ڕادیۆییو پەیوەندی بەستنی کارەبایی . یەکەم کاری بەشە لێکۆڵینەوەی هەمان دوو مرۆڤ بوو . لە مارتی ١٩٦٧دا کامینسکییان لە مۆسکۆ داناو نیکولایێڤیان برد بۆ تاقیگەیەك لە لینینگرادو لەویٚ خستیانە ژوورێکی چۆڵەوە کە دەنگی تیادا

گوێزرێنەوەدو بە سنیانبە چەند ئامێرێکەوە بۆ تۆمارکردنی چالاکی لەش. نیکۆلایێڤ تۆزێکی پێ‌چوو تا چووە دۆخی وەرگرتنەوە کە وەك خۆی دەڵێ بریتی‌یە لە (خاوبوونەوەیەکی تەواو بەڵام وریا) کە تەواو ئامادە بوو کارۆگرافی مێشکی شەپۆلی ئەلفای تۆمارکرد. بێگومان بە نیکۆلایێڤیان نەوتبوو کەی کامینسکی بروسکە تەلەپاسی‌یەکەی دەنێرێ، کەچی تەنیا سێ چرکە دوای ئەوەی لە مۆسکۆ بە کامینسکی وترا بروسکەکەت بنێرە شەپۆلەکانی مێشکی نیکۆلایێڤ لە لینینگراد تێك‌چووو ئەلفا نەما. بەڵێ ئەمە یەکەم بەڵگەی بەرچاوبوو لە بارەی گواستنەوەی زانیاری‌یەوە لە مێشکێکەوە بۆ مێشکێکی‌تر بە درێژی چوار سەد میل.

دوای دەرکەوت چالاکی مێشکی نێرەرو وەرگر هەردووکیان دەگۆڕێت. دەستەی پۆپۆڤ دەڵێن «ئەو چالاکی‌یە نائاسایی‌یەی مێشك ماوەی ١-٥ چرکە دوای دەست پێ‌کردنی ناردنی بروسکە تەلەپاسی‌یەکە دەست پێ دەکاو نیکۆلایێڤ دوای یەك دوو چرکە لەو گۆڕانە ئینجا ئاگاداری بروسکەکە دەبێ.» لە سەرەتاوە چالاکی‌یەکە بەشی پێشەوەو ناوەڕاستی مێشك دەگرێتەوە بەڵام کە نیکولایێڤ بە بروسکەکە دەزانێ ئەو بەشەی مێشك دەهەژێ کە پەیوەندی بە سروشتی بروسکەکەوە هەیە بو نموونە ئەگەر بروسکەکە پێویستی بە بینین بێ تەنیا پلی پشتەوەی مێشك دەهەژێ کە لە ڕاستیدا شوێنی بینینە خۆ ئەگەریش بروسکەکە قسەو دەنگە دەنگی تێدابێ ئەوا پلی لاجانگی دەهەژێ کە شوێنی بیستنە.

ئەوەی شایەنی باسە دەرکەوتووە لە کاتی پەیوەندی بەستنی تەلەپاسیدا سەرجەمی شەپۆلەکانی مێشکی نێرەرو وەرگر وەکو یەکی لێ‌دێ. ئەگەر بە هۆی ڕووناکی‌یەکی تریەکەریشەوە شەپۆلی مێشکی نێرەر بگۆڕین مێشکی وەرگریش بە هەمان شێوە دەگۆڕێ. لە تاقیکردنەوەیەکدا کامینسکی دووربینێکی ڕوو تێ‌کرا کە لە هەر چاوەیەوە بە تریەترێکی جیاواز ڕووناکی لێ دەردەچوە بەم جۆرە لە هەر لایەی مێشکیدا جۆرە شەپۆلێك دروست‌بوو ئەمەش بوو بە هۆی دڵ تێك هەڵاتنی کامینسکی لە هەمان کاتدا هەمان گۆڕان لە مێشکی نیکۆلایێڤدا ڕووی داو ئەمیش کەوتە هێڵنج‌دان. لە فیلادلفیاش دەرکەوتووە گۆڕانی چالاکی مێشکی یەکێ لە دوو برای دوانەی هاویەك دەبێتە هۆی ڕوودانی هەمان گۆڕان لە مێشکی براکەی تریدا.

لیکۆڵەرەوەکان لەو باوەڕەدان خاوبوونەوەی جەستەیی‌و کەم بوونەوەی چالاکی ماسوولکەو تەرکیز نەکردن لە سەر شت یان بە کورتی وریایی‌یەکی سست Passive attention واتە وریایی بەبێ تەرکیزکردن هەلومەرجی پێویستن بۆ ڕوودانی تەلەپاسی. بە پێچەوانەشەوە هۆشیاری‌و شپرزەیی دەبنە هۆی سەرکوت‌کردنی بروسکەی تەلەپاسی. بە مانەیەکی‌تر دەتوانین بڵێین وەرگرتنی بروسکەی تەلەپاسی لە بواری ئەقڵی هوشیاردا ڕوو نادات بەڵکوو کاتی ڕوو دەدات هوشیاری کشابێتەوەو نەست (لاشعور) زاڵ بووبێ. بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەمەش جگە لە هەلومەرجی ئاسایی ڕوودانی تەلەپاسی ئەوەیە دیاردەی تەلەپاسی لەو کاتانەدا زیاتر ڕوودەدات کە نەست تیایدا زاڵە لە وێنەی خەون‌و خەواندن‌و هەلومەرجی دەروون شیکاری. فرۆید لەو باوەڕەدابوو بروسکەی تەلەپاسی لە دانیشتنی دەروون شیکاریدا باشتر ڕوو دەدات چونکە نەست خراوەتە ڕوو بۆ لێکوڵینەوە. سیر ولیام بارێتی فیزیازان لە یەکێ لەو تاقیکردنەوانەدا کە بۆ خەواندنی کچێك کردوویەتی دەڵێ. «پاش خەواندنی لە پشتیەوە وەستام‌و چاویم قایم بەستەوە، ئینجا تۆزێك خوێم خستە ناو دەمم، کچەکە یەکسەر وتی بۆ ئەو خوێ‌یە دەخەیتە دەممەوە! پاشان شەکرم خستە دەمم، کچەکە وتی ئێ ئەمە باشترە. کە لیم پرسی چۆنە وتی شیرینە. دوای ئەوە بیبەرو زەنجەبیل‌و شتی ترم خستە دەمم کچەهەشتی بە تامی هەموویان دەکرد. کەچی کە دەم‌خستە دەمی خۆیەوە گوێ‌ی پێ نەدەدان.»

ئەم جۆرە پەیوەستی‌یە هێشتا نەسەلمێنراوە بەڵام ئەگەر

ڕاست بێ جگە لەوەی بەڵگەیەکی ترە بۆ تەلەپاسی سەرکەوتنێکیشە بۆ تیۆرییەکەی کارل گۆستاف یونگ لە بارەی کۆنەستەوە (اللاشعور الجماعي) کە بریتییە لە خیبرەی لاشعووری هەموو خەڵك.

لەو وتارەیدا کە دوای مردنی بە ناوی (دەروون شیکاریو تەلەپاسییەوە) بلاوکراوەتەوە فرۆید دەڵێ « ئەگەر بهاتاو ژیانم سەرلەنوێ دەستی پێبکردایەتەوە خۆم تەرخان دەکرد بۆ لێکۆڵینەوەی گیانی نەك دەروون شیکاری» .

لەوە دەچێ نەست بەردەوام پەیامی تەلەپاسی وەربگرێ بەبێ ئاگای ئەقڵی هۆشیار بەلام تەنیا جارجار ئەم پایامە دیواری نێوان نەستو ئەقڵی هۆشیاری دەبڕێو پیاو هەستی پێدەکات. لەبەر ئەوە دەبێ بروسکەی تەلەپاسی لەکاتی خەونو خەواندنو هەڵوێستی دەروون شیکارییو کاتی حاڵو خەڵوەتدا زیاتر وەربگیریت. ڕەنگە هەر واش بێ، نیکۆلاییڤ کە دەیەوێ بروسکەیەکی تەلەپاسی وەربگرێ لەشی خاو دەکاتەوەو ئەقڵی بە هیچ شتێکەوە خەریك ناکات یان وەك بڵێین دەچێتە ژێری. خەونەکەی لۆمۆنۆسۆڤو زۆر خەونی تریش کەسانی تر دیوبانە لەبارەی نارەحەتی کەسانی خۆشەویستیانەوە ڕەنگە بەڵگەی ڕوودانی تەلەپاسی بن لە کاتی خەوندا.

لە ڕاستیدا هەندێ لێکۆڵەرەوە هەوڵیان داوە بروسکەی تەلەپاسی بۆکەسانی نوستوو بنێرن. لە یەکێ لەم تاقیکردنەوانەدا کاتێ کارۆگرافی مێشکی نوستووەکە دەری خست کابرا خەون دەبینێ لێکۆڵەرەوەکە کەوتە وردبوونەوە لە وێنەی Sacrament of the last supper بەو نیازەی وا لە نوستووەکە بکات خەونی پێوە ببینێ واتە بروسکەیەکی تەلەپاسیی لەبارەی ئەم وێنەیەوە بۆ بنێرێ. دوایی کە نوستووەکەی لەخەو هەستاند دەرکەوت خەونی بە کۆمەڵێك خەڵكو بەلەمێکی ماسیگرتنو پەرداخی شەرابو نان خواردنەوە دیوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە هەندێ کەس لایان وایە زۆر خەونو هەلوەسەو، گێلەو قسەکردنو نووسینی ئۆتۆماتێکی لە حاڵەتی ترانسدا trance (واتە حاڵەتی وەك حاڵ یان خەڵوەت کە پیاو لە دنیای دەوروبەری دادەبڕێ بەلام هۆشیاریشە) دەڵێن ڕەنگە ئەمانە بروسکەی تەلەپاسی نێراوبن. دۆگلاس دینی زانای کیمیای ئەلەکترۆنی ئەمەریکایی دەڵێ ئەگەر زەلامێك بیر لە هاوڕێیەکی نزیکی بکاتەوە ئەوا گۆڕانێك لە پەستانی خوێنو قەوارەی خوێنی ئەو هاوڕێیەدا ڕوو دەدات واتە بیرلێکردنەوە دەبێتە هۆی گواستنەوەی بروسکەیەکی تەلەپاسی بۆ مێشکی هاوڕێکەی، مێشکیشی کار لە کۆئەندامی سووڕانی دەکات. هەندێ کەس زیاتر شووڵیان لێ هەڵ کێشاوەو دەڵێن زۆر پێدەچێ بڕێکی باش لە بیرو خەیاڵی ڕۆژانەمان بە تەواوی یان تا ڕادەیەك لە ڕێگەی تەلەپاسییەوە پێ بگاتو دوای ئەوەی لەکاتی بڕینی دیواری نێوان نەستو ئەقڵی هۆشیاردا تێکەلاوی ئەو بیرو خەیالانە دەبن کە بەرەسەن هی خۆمانن، ئەوسا ئەوانیش بە هی خۆمان تێ دەگەین.

لە ڕوانگەی پەرەسەندنی بایۆلۆژیشەوە ڕەنگە تەلەپاسی جێگەی سەرنج بێ. تەلەپاسی ئەگەر هەبووبێ دیارە دەورێکی گرنگی بینیوە لە پەیوەندی بەستنی نێوان تاکەکانی هەمان جۆر گیانەوەرداو گیانەوەر توانیویەتی بە هۆیەوە هاواری فریاکەوتن بە هاوڕێکانی بگەیەنێ. ئالیستەر هاردی پرۆفیسۆری گیانەوەرزانی لەو باوەرەدایە تەلەپاسی تەواوکەرێکی باشە بۆ تیۆری داروینو دەڵێ ئەگەر پەیوەندییەکی لەو جۆرە لە نێوان ئەندامەکانی هەمان ڕەگەز گیانەوەردا هەبێ ئەوا ڕەنگە بتوانێ ببێتە هۆی هێشتنەوەو زاڵکردنی ئەو جینانەی کە بە باشترین شێوە لەگەڵ هەڵسوکەوتی گونجاوی گیانەوەرەکەدا دەگونجێن. چاوەڕێ دەکرێ تەلەپاسی لە گەڵ گەشەکردنی درەختی پەرەسەندندا بەرەو مرۆڤ کەم بووبێتەوە چونکە مرۆڤ بە هۆی بەدەستهێنانی زمانو ئەقڵی هۆشیاریو جۆرەها وەسیلەی دەسکردەوە پەیوەندییەکی باش بکات بەوانەوە کە دەیەوێ بۆیە ئەو وەسیلە سەرەتاییانەی وەك تەلەپاسی بەرەو پووکانەوە

چووە .

ئێستا لە ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤێت زانایان هەوڵ دەدەن توانای گیانەوەر بۆ گەیاندنو وەرگرتنی بروسکەی تەلەپاسی بەکار بێنن بۆ پەیوەستی (إتصال) بەستن لە نێوان ئێستگەی زەمینیو کەشتی ئاسمانیو ژێر دەریایی‌دا . سۆڤێتی‌یەکان دایکە کەروێشکێکیان لە کەناری دەریا داناوەو ئەلەکترۆدیان چەقاندۆتە مێشکی بۆ تۆمارکردنی چالاکی کارەبایی مێشك . بەچکەکانیشیان برۆدتە ناو کەشتی‌یەکی قوولایی دەریاوەو تاو نا تاوێك یەکێکیانیان کوشتووە . لە هەمان ساتی کوشتنی هەر بەچکەیەکدا شەپۆلەکانی مێشکی دایکەکە گۆڕانێکی کوتوپڕی بەسەردا هاتووە .

گەرچی هەبوونی تەلەپاسی وەك ڕاستی‌یەکی بینراوو لێکۆڵراوە چیتر جێگەی گومان نیە بەڵام هێشتا زانایان نەگەیشتوونەتە لێکدانەوەی چۆنێتی کارکردنو گواستنەوەی بروسکەی تەلەپاسی . لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین نکوولی لەوە بکەین کە تەلەپاسی دیاردەیەکی مادی‌یە یانی بریتی‌یە لە شێوەیەکی چالاکی مادە : واتە چالاکی مێشك . بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە لە کاتی ڕوودانی تەلەپاسیدا مێشك گۆڕانی تایبەتی بەسەردادێ کە لەڕاستیدا هەر دەبێ ئەم گۆڕانانەش‌بن بنە هۆی ڕوودانی دیاردەی تەلەپاسی‌و گواستنەوەی لە مێشکێکەوە بۆ مێشکێکی‌تر کە ئامادەی وەرگرتنە .

لیۆنید ڤاسیلیێڤ دەروونزانی لینینگرادی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ دیاریکردنی سروشتی تەلەپاسی‌و لە ئەنجامی زۆر تاقیکردنەوەدا بۆی دەرکەوت بروسکەی تەلەپاسی لەهەموو هەلومەرجێکدا دەگوێزرێتەوە ، تەنانەت لەو زرووفانەشدا کە ڕووناکی‌و دەنگ‌و تیشکی ئێکسی‌و زۆربەی شەپۆلەکانی تری شەبەنگی کارۆموگناتیسیش ناگوێزرێنەوە : واتە بروسکەی تەلەپاسی ناکەوێتە بواری هیچ کام لە شەپۆلە ناسراوەکانەوە . بەهەر حاڵ ئەمە مانای ئەوە نیە تەلەپاسی دیاردەیەکی فیزیایی نیە بەڵکوو دەشێ گواستنەوەی بروسکەی تەلەپاسی پشت بە تەنۆچکە وردی وەك نیوترینۆو شتی‌تر ببەستێ کە هێشتا نەدۆزراوەتەوەو تا کاتی دۆزینەوەی لێکدانەوەیەکی زانستیش . نابێ خۆمان بدەین بەدەست غەیب‌و لێکدانەوەی نازانستی‌یەوە چونکە هەرچۆنێك بێ بۆچوونێکی زانستی‌یانە باجێگەی گومانیش‌بێ زیاتر جێگەی باوەڕو پشت‌پێ‌بەستنە وەك لەوەی مەسەلەکە بدەیت بەدەست شتێکی لەخۆی نەزانراو ترەوە ، وەك دەشزانین زۆربەی ئەو دیاردانەی ئێستا قوتابی سەرەتاییش لێیان دڵنیایە سەرەتا وەك تەلەپاسی نەزانراو بوونو چەندەها لێکدانەوەی زانستی و نازانستیان ئاراستە کراوە تا سەرەنجام بوون بە ڕاستی‌ی زانستی سەلمێنراو .

فەرهەنگۆك

تەلەپاسی : تناقل الأفکار Telepathy
بروسکەی تەلەپاس Telepathic Message
دوانەی هاویەك (ئەو دوانەیەی لەیەك هێلکەی پیتێنراو دروست دەبن Identical Twins
وەرەقەی زێنەر/ Zener cards
خاو بوونەوە إرتخاء /Relaxation
خۆبەسەریتی عفویة /Spontamiety
پەیوەستی إتصال / Communication
ئیدراك الادراك /Perception
ئیدراکی دەرەستی /Extrasensory Perception
کارۆگرافی مێشك تخطیط الدماغ الکهربائي /EEG
نەست لاشعور /The Unconcious
کۆنەست اللاشعور الجماعي / Collective Unconcious
خەواندن تنویم / Hypnosis
دەروونشیکار محلل نفسی/ Psychoanalyst
دەروونشیکاری تحلیل نفسي/ Psychoanalysis
تاك الفرد / Individual
پەرەسەندن تطور / Evolution
ئەلەکترۆد قطب کهربائی / Electrode
تەنۆچکە جسیمە / Particle
شەبەنگی کارو/موگناتیسی / Electromagnetic Spectrum

سەرچاوەکان

1— Lyall Watson , Supernature, London , 1974
2— K. Platonov . Psychology as you may like it , Moscow , 1965.
3— H. Eysenck , Sense and nonsense in Psychology London , 1961.